# عوسمان عوزێری سن

ئا: ساڵح بێچار

**لە پەنجا ساڵی ڕابردوو دا هیچ یەکێک لە نەتەوە و گەلانی دراوسێمان ، هێندەی ئێمەی کورد بەهۆی جیاوازیی بۆچوون و بیروباوەڕەوە نووسەران و بیرمەندان و ڕۆژنامەنووسانیان بەئاشکرا و بەنهێنی تیرۆر نەکراون.**

**زۆر بە داخەوە کە شەهید (عوسمان عوزێری) شاعیر و ڕۆژنامەنووس یەکەم قوربانی و یەکەم قەڵەمی لە خوێن هەڵکێشراوی سەرەتای قۆناغێکی ترسناکی کوشتنی قەڵەمە نەیارەکانە لە نێوەندی بزووتنەوەی سیاسیی و فەرهەنگی کوردی دا.**


شەهید عوسمان عوزێری شاعیر و ڕۆژنامەنووس (١٩٣٦-١٩٦٦)

عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم چەرمەگا ناسراو بە عوسمان عوزێری.

ساڵی ١٩٣٦ لە دەڤەری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، لە هۆزی (عوزێری) یە و هەر بەناوی هۆزەکەی خۆیەوە ناوبانگی پەیداکردووە. قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی ئەیوبییە لە شاری سلێمانی خوێندووە. لەبەر زیرەکی و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بووەتە پەیامنێری ڕۆژنامەی (ژین) و هاوکات جێگەی متمانەی شاعیری گەورەی کورد مامۆستا (گۆران) بووە.

ساڵی ١٩٥٧بۆ درێژەدان بەخوێندن چووەتە شاری بەغدا. ئەو ماوەیەی کە لە بەغدا بووە، لەگەڵ چەند خوێندکارێکی کورد، (کۆمەڵی ئاوازی کوردی)یان وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیریی و هونەریی بە پشتیوانی (یانەی سەرکەوتنی کوردان) دامەزراندووە. هەر بەهۆی (کۆمەڵی ئاوازی کوردی)یەوە چەندین ئاهەنگ و نمایشی شانۆییان پێشکەش کردووەو تواناو لێهاتوویی عوسمان عوزێری لەنێو هاوڕێکانی دا جێگەی سەرنج بووە. هاوکات عوزێری شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە زۆر شانۆگەریی دا وەک ئەکتەر بەشدار بووە. هەر لەو ساڵەدا بەلێهاتوویی خۆی لە ئێزگەی کوردی لە شاری بەغدا وەک ئامادەکارو پێشکەشکار مۆڵەتی بەرنامەی (خەباتی کوردستان) ی وەرگرتووە کە ناوەڕۆکی بەرنامەی ناوبراو بریتی بووە لە ئاوڕدانەوە لە مێژووی تێکۆشانی کورد لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە.

عوزێری شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژی ١٩ ی حوزیرانی ١٩٦٠ دا لە ساڵیادی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد ، لە ژمارەی (٢٤٦)ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە. هاوکات زۆر نووسین و دەیان بابەتی دیکەی بڵاوکراوەی هەیە، بەڵام بەداخەوە کە تا ئێستا کۆنەکراونەتەوە.

### بەرهەمە دیارەکانی عوسمان عوزێری بریتین لە:

گوڵزاری کوردستان ، کۆمەڵە شیعر، کە شاعیر و هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا محەمەد ساڵح دیلان پێشەکی بۆ نووسیوە و ساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە.

لەپێناوی دادپەروەریا، دوو چیرۆکە یەکێکیان وەرگێردراوە و ساڵی ١٩٦٠ لەچاپخانەی ژین چاپکراوە.

کڵپەی دەروون ، کۆمەڵە شیعر ساڵی ١٩٦٠ چاپکراوە.

نامیلکەی شۆڕشی دیاربەکر ، کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شۆڕشی دیاربەکرە و مامۆستا موحەرەم محەمەد ئەمینی چیرۆکنووس پێشەکی بۆ نووسیوە. (دکتۆر کەمال مەزهەر) یش لە کتێبی (مێژوو) دا بەبایەخەوە ئاماژەی بەو کتێبە داوە.


شەهید عوسمان عوزێری شاعیر و ڕۆژنامەنووس. ڕۆژی (١٩٦٤/٤/٢٧) ڕانیە

لەچاپدانەوەی هەمان نامیلکە لەلایەن بەڕزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، ساڵی ٢٠٠٩.

دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەڕزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری سلێمانی دووجار چاپکراوەتەوە.

عوزێری بەشێک لە نووسینەکانی لە شیعر و وتار و چیرۆک و وەرگێران ڕووناکی چاپیان نەبینیوە و هەندێکیشیان دیار نەماون، لەوانە:

(ئەشکەنجەی خۆشەویستی) و (یاسای قازییەتی) وکە هەردووکیان چیرۆکن و چاپنەکراون.

عوسمان عوزێری لە بواری دەقی شانۆییش دا بەتوانا بووەو لەوبارەوە مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی بەسەرهاتی نووسین و ونبوونی شانۆنامەی (عیسمەت کچی قازی مەحەمەد) بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩ بوو کە عوسمان مسۆدەی شانۆنامەیەکی لە کتێبخانەی (خەبات) ی سلێمانی نیشاندام وتی: ماوەیەکە لای ڕەقابەیە و بەڵام بەبێ ڕەزامەندی بۆیان ناردومەوە و ئەمجارەش سەر لە نوێ دەینوسمەوە و هەندێ دەستکاری دەکەم و دەیدەمەوە بەرەقابە، بەڵام جاری دووەمیش ماوەی چاپکردنیان نەدا و لەسەریان نوسیبوو: کە بابەتێکی سیاسییە و بڵاوکردنەوەی قەدەغەیە".

مامۆستا بەرزنجی لە کۆتایی دا دەنووسێت: "ئەم مسۆدەیە تا ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ لای من مایەوە، بەڵام لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا داوای مسۆدەکەی کردەوە و وتی: لەوەناچێ کە بتوانین دانیشین ئیتر نازانم ئەو دەستنووسە کەوتە کوێوە. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ کە ئەو ڕۆژە مانگرتنێکی سەرتاپاگیری هەموو کوردستانی گرتەوە و دوای پێنج ڕۆژ یەکەم گوللەی شۆڕشی ئەیلول بەرووی حکومەتی ئەو سەردەمەدا تەقیوە و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد دەستیپێکردو کاکە (عوسمان)یش بەشداری تێدا کرد و برینداریش کرا".

بەپێی نووسینەکەی مامۆستا بەرزنجی ئەو شانۆنامەیەش ڕووناکی چاپی نەبینیوە و هەتا ئێستاکەش چارەنووسی نا دیارە.

لەبواری وەرگێرانیش هەوڵی دیاری هەبووە و بەڵام ئەوانیش وەک بەرهەمەکانی دیکەی ڕووناکی چاپیان نەبینوە، لەوانە: (میر) نووسینی ماکیاڤیللی و (ماجدۆلین) کە نووسەری میسری مستەفا لوتفی مەنفەلوتی کردویەتییە عەرەبی و (عوسمان عوزێری) یش وەریگێڕاوە بۆ کوردی.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس عوسمان عوزێری لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بۆتە پێشمەرگە و لەشەڕی دەربەندی بازیان بە برینداری کەوتۆتە دەست دوژمن و زیندانی کراوە و دوای ئازاد بوونی لە زیندان، جارێکی دیکە بووەتەوە پێشمەرگە و لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق یش ماوەیەک وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاری کردوە.

ئەوی شایەنی باسە عوسمان عوزێری برایەکی بەناوی (عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕۆستەم)یش لە ساڵی ١٩٦٣ دا ، لەناو شۆڕشی ئەیلول لە شەڕێکی نەبەردانەدا دژی ڕژێمی ئەوسای عێراقی شەهید کراوە.

لە ڕۆژی ١٠ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٠ بۆتە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی.

مەخابن دوای دەستگیرکردنی ڕۆژی ١٦ ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٦٦ بەبڕیاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تریدا گوللەباران دەکرێن. لە کاتێکدا کە (عوسمان عوزێری) زۆر دڵسۆزانە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە.

بەداخەوە شەهید (عوسمان عوزێری) پێشمەرگە و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و هاوڕێکانی تا ئێستاش لاشە و گۆڕیان بزرە و شەهیدی گۆڕونن.


شانۆگەریی کاوەی ئاسنگەر لە نووسین و نواندن و دەرهێنانی عوسمان عوزێری.ئەکتەرەکان: کامەران موکری ، عوسمان عوزێری ، گەلاوێژ سابیر ، نەسرین عەزیز ، سەردار سەعید ، ئاژین سابیر ، سورەیا عەلی ، پەروین عەزیز خێزانی عوسمان عوزێری. ڕۆژی (١٩٥٨/١١/١٦) لە سلێمانی نمایش کراوە.



بەندیخانەی بەعقوبە (١٩٦٣/١/٢١) ڕاوەستاوەکان لەچەپەوە: نامیق عەزیز، عوسمان عوزێری، ئەحمەد حەمە ئاغا، وەستا مەحمەدی ناڵبەند.
دانیشتووەکان: بارام عەبدوڵڵا و ئەبوبەکر عومەر ماوەتی.


عوسمان عوزێری و (ڕاپەڕ) ی کوڕی بەغدا (حدیقة الامة) ڕۆژی (١٩٦٤/١/١٤)


ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی (تووی مەلیک).
لە ڕاستەوە: ١- نەناسراوە ٢- م. محەمەد ساڵح عەزیز (شەهید حەمە بۆر) ٣- مستەفا حاجی سابیر کۆیی ٤- نەناسراوە ٥- کامەران موکری شاعیر ٦- شەهید عوسمان عوزێری ٧- موحەڕەم محەمەد ئەمین ٨- ئەحمەد ..... ٩- مامۆستا نەجمەدین مەلا ١٠- نەناسراوە ١١- کەریم ئەحمەد هۆمەر ١٢- ئیسماعیل عارف ١٣- نەناسراوە ١٤- عومەر هەڵمەت.

# ەوبەری شیعر و شۆڕش

## شەهید عوسمان عوزێری لە ویژدان و شیعری شێرکۆ بێکەس دا



شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠-٢٠١٣)

گردی سەردێمان ، نیشتمانی مار و دووپشک بوو ، ڕۆژ نەبوو مارێک نەکوژرێ و یان زوو زوو دوپشکێ بەیەکێکەوە نەدات، جارێکیان دووپشکێ دای بە پەنجەی کاک عەبدولخالق-ەوە ، گوندییەکان یەکسەر مریشکێکیان هێنا و پەنجەکەیان خستە ناو کۆمی مریشکەکە و لە پاشماوەیەک مریشکەکە مردار بۆوە و پەنجەی کاکە عەبدولخالق-یش ئازارەکەی شکا و چاک بۆوە.

کە من چووم بۆ ئەوێ باسی ڕاوە دووپشکیان ئەکرد زۆرم لا سەیر بوو .. عوسمان عوزێری : سبەینێ بەیەکەوە ئەو ڕاوە ئەکەین،.. ڕاوەکە چیبوو؟!... پەلکە گیایەکی تایبەت هەبوو، بۆنێکی تۆزێ تیژی لێوە ئەهات، کونە دووپشکیش دوای تاقیکردنەوەی زۆر ، ئەناسرایەوە ، کونێکی خڕی لێوار شکاوبوو . پەلکە گیاکە ئەبرایە ناو کونەکەوە ، دووپشکەکە ئەیگرت و تۆیش لەملاوە وردە وردە بەرەو دەرەوە ڕاتئەکێشا و ئەوسا پێت پیا ئەنا، جاری وا هەبوو لەماوەیەکی کەمدا بەدەیان دووپشکمان ئەکوشت. لە ترسی مار و دووپشک هەموو کون و کەلەبەرێکمان گرتبوو دەرمانێکی زۆرمان کردبوو بە قەراغ و دەوراندەوری ژوورەکاندا لەناوەوە و لەدەرەوە، لە هەموویان زیاتر من لەگەڵ کاک عەبدولخالق و عوزێری-دا ڕێکبووم، هەمویشمان شەوانە سەردانی یەکترمان ئەکرد. زۆربەی وەختمان بەقسەی خۆش و گاڵتەوکەپ بەسەر ئەبرد.

سەرەتا بوو گەیشتبوومە ئەشکەوتی سەردێمان، وەک وتم لەگەڵ عوزێریدا- بەینمان خۆشبوو، دوای ماوەیەک ئەمبینی زۆر مات و غەمگینە، جارێکیان لەبەر ئەشکەوتەکەدا دانیشتبووین، وێنەی کورەکەی لەگیرفانی دەرهێنا، (ڕاپەڕ) لەو وێنەیەدابوو، هەر ساڵەوەخت ئەبوو، تەماشای وێنەکەی ئەکرد و چاوی پڕببوو لە ئاوو لەبەر خۆوە گۆرانی (مەرا ببوس)ی ئەوت.

کە مۆڵەتەکەم تەواو بوو گەڕامەوە ستافی ڕادیۆ ، بارەگامان چووبووە حاجی هۆمەران، کە چووم لەوێ هەموویانم بینییەوە، تەنها عوزێری نەبێ، کاک عەبدولخالق بۆیگێڕامەوە کە سەیدا ساڵح یوسفی بە شەخسی و زۆر بەپەرۆشەوە چەند جارێ داوای لە بارزانی کردووە بۆ ئەوەی لە عوزێری خۆشبێت، بەڵام بارزانی دواجار بە یوسفی وتوە: (هەرچی تەکلیفێکی لێئەکات بیکات ئەوە نەبێت) ، دوای ئەم قسەیە هیچ ئومێدێ نەما بۆ ئەوەی چاومان بەعوزێری بکەوێت..!

**شێرکۆ بێکەس بۆ عوسمان عوزێری ... :**

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا ؟
شایەتی ئێمە بە تەنها:
کۆترە شینکەیەکی شاخ و
پەڵە هەورێکی کۆچەری و
گەڵای شیعری بوو (( با )) بردی !
کەس نەیبینی لە کوێش نێژرا ؟!
ئەو چاوانەی لەو شەوەدا،
لەگەڵ چاوی دوارۆژدا بوون و
بینیان لە کوێ نێژرا:
چاوی درەختێکی تەنیا و
چاوی بەردێکی سەرەڕێ و
چاوی لێڵی کانییەک بوون.
لەو دۆڵەدا
ئیتر مێژوویان قفڵ داو...
لەو چاڵەشدا ئەویان تیا کوشت
هەر لەوێشدا پرسیاریان کوشت!
نهێنیشیان هەر بەجلی خۆیەوە ناشت.
بەڵام ئێستا
یەک کۆترە شینکە ... هەزارە
فرمێسکی یەک پەڵە هەور .. چەند رووبارە
گەڵا شیعری چەندین پەنجەرەی ناو شارە
مێژووش بوومەلەرزە لێی داو
قفڵ شکاو ، نهێنی هەر بەو جلانەوە
گەڕایەوە و، ئەوەتا وا
پرسیار زیندوو ئەبێتەوە و
پرسیار زاوو زێ ئەکات و
هەموو ساڵێ ، سەردانەوەی برینەکانی (عوزێری) یش
لەسەر ( هەڵگورد)
زەردەخەنەی دەم گوڵجاڕە!

**سەرچاوەکان:**


- پەڕەی شەهید (عوسمان عوزێری) لە فەیسبووک
- نووسین بەئاوی خۆڵەمێش، ژیاننامەو بیرەوەریی شێرکۆ بێکەس، ب.یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.
- وێنەکان: ئەرشیڤی بنەماڵەی شەهید (عوسمان عوزێری) لەڕێی کاک (ڕاپەڕ)ەوە.
- ئەرشیڤی (بنکەی ژین)
- ئەرشیفی تایبەتی ساڵح بێچار.


**وێنەی بەرگی چەند چاپکراوێکی شەهید عوسمان عوزێری**

















شەهید عوسمان عوزێری و پۆلێک هاوڕێی لە زیندانی (سەنگەسەر) ساڵی ١٩٦٤



شەهید عوسمان عوزێری و بارام عەبدوڵڵا ماوەتی لە بەندیخانەی بەعقوبە (١٩٦٣/٨/٢١)




وێنەی پاسپۆرتی شەهید عوسمان عوزێری کەبەرواری بەسەرچوونەکەی کەوتۆتە دوای شەهیدکردنی




پێناسەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ی شەهید عوسمان عوزێری ساڵی ١٩٥٩